



## ٢٦

## لێکۆلینەوە لە تێرۆری د.قاسملوو و عەبدوللا قادریی ئازەر بە پێی بەڵگەنامەکان

ڤییەن ١٤/٧/١٩٨٩

**یەکەم لێکۆلینەوە لە محمد جعفری صحرارودی، کارگێڕێکی ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران' جێگیر لە یاخسەمەر ( ناوەندی ینک)[1]**

**صحرارودی بە پێی ڕێکەوتنی تشرینی یەکەمی ١٩٨٦ ی تالەبانیی ووەفدەکەی بریتیی لە فەرەیدون عەبدولقادر، د.کەمال خۆشناو، دارا حەفید، رفعەت عەبدورەحمان ، شێردل حەویزی لەگەل باقری ذوالقدر کرا بە سەرۆکی دەفتەری سەرەکی ئیتتیلاعارتی سپای پاسداران لە یاخسەمەر. ئەو گوندە ناوەندی ینک و شوێنی ژیانی تالەبانیی لە چەند کیلۆمیتریی گەورەدێ( ناوندی حدکاو د.سیاسییەکەی) بوو. بروانە کتێبی خولانەوە لە ناوبازنەدا نووسینی نەوشیروان مصطفی ئەمین لاپەرەی کانی ١١٢ – ١١٣ و ١١٤. کرتە بۆ ئێرە و ئێرە بکەو Ctrl دابگرە!**

**هێنانی صحرارودی بۆ یاخسەمەر بە پێی ڕێکەوتنی تشرینی یەکەمی ١٩٨٦ لەگەل ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران پلانی دارێژراوی ڕژیم و تالەبانیی و مەکتەبە سیاسییەکەی بە مەبەستی تونا کردنی حدکاو ڕێبەرانی بووە. ئەوەش ویستێک بووە کە نەوشیروان مصطفی لە لاپەرەی ١٠٥ و ١٠٦ ی کتێبی خولانە وە لە ناوبازنەدا پێیلەسەر داگرتووە. نەوشیروان مصطفی پێشاوپێش پاکانەیەک بۆ تەنزیمەکەی و " ئەفسانەی "پاراستنی پرەنسیپ و شتی وا لە سیاسەتی رەجاوکراوی تەنزیمی ینکدا دەکا ، بەلام ڕوداوەکانی کوردستان و تێرۆری ڕێبەرانی حدکا و کردنی مەلا عەبدوللا بە جاسوسی سپای پاسداران و کوشتاری سەدان ئەندامی حدکا لە ناوچەی سەوز و نامە نهێنییەکانی تالەبانیی لەمەر توناکردنی حدکا و ڕێکەوتنەکانی لەگەل سپای پاسداران و هێنانی ناوەندی ئیتتیلاعات بۆ شاری سلێمانیی و نووسینی ڕاپۆرتی خەبەریی – نهێنیی بۆ وەزارەتی ئیتتیلاعات ی ژێر دەسەلاتی علی فلاحیان و بەو ناوەرۆکە لە واقیع بەدوورەوە کە گوایە: حیزبەکەی قاسملوو دوچاری بێ سەرەو بەرییبووە و گوایە" قاسملوو " نامەی بۆ ئەو واتە تالەبانیینووسیوە کە ئەماننامەی بۆوەربگرێ و چاپ کردنی ئەو ڕاپۆرتە خەبەرییەلە ڕۆژنامەی کیهان دا کە ئەم ڕاپۆرتە خۆی بۆ باقری ذوالقدر و رفسنجانیی و محسن رضائی، لێدانی کلیلی چرای سەوز بۆ تێرۆری د.قاسملوو بۆ ئۆدەی کارەتایبەتییەکان و ئەسپاردنی ئەرکێک بە تالەبانیی و تەنزیمەکەی بووە. ئاماژە بە مەلا عەبدوللا حیاکیی و گاڵتەکردنەکەی بەو ڕاپۆرتە خەبەرییەی تالەبانیی لە بڵاوۆکی کوردستان ژمارە ١٢٧ جۆزەردانی ١٣٦٦ ( ژوئەنی ١٩٨٧ ) کە تێرۆری د.قاسملوود.شەرەفکەندیی وتوناکردنی بزووتنەوەی ئازادییخوازانەی کورد لە ڕۆژهەلاتی کوردستان پێ تونا کرا، ئاکامی ئەو سەربهورده واقیعییە کە لە نووسراوەکانی سەرانی ینک بە تایبەتیی نەوشیروان مصطفی لە کتێبی خولانەوە لە ناوبازنەدا و لە ڕاپۆرتی تالەبانیی بۆ پلێنۆمی ٤ ینک ٢٩-٢٠٠٩/١٠/٣١و داکۆکیینامەی نەوشیروان مصطفی بۆ بەرپەرچدانەوەی ڕاپۆرتە ئاماژەپێکراوەکەی تالەبانیی بۆ پلێنۆمی ٤ لە ژێر ناوی لە هاوخەباتیەوە بۆ تەخوین و کتێبی کارەساتی کیمیابارانی هەلەبجە نووسینی شەوکەت حاجی مشیر چاپی سلیمانی ساڵی ١٩٨٨ و بڵاو کراوەکانی سپای پاسداران و بیرەوەرییەکانی رفسنجانی و بنەماڵەی قڕکراوانی ئەنفال و کیمیابارانی هەلەبجە و سەردەشت و هاوکاریی مەلا عەبدوللا حەسەنزادە لەگەل ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران و وەزارەتی ئیتتیلاعات و زانیاریی ینک و تیمەکانی تێرۆری ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران بۆ کوشتاری سەدان کادر پێشمەرگەی دەستبەسەرکراو لە باشوری کوردستان دا و لە پێداچوونەوەکەی مەلا عەبدوللابە وەرگێڕاوی کتێبی خولیاو مەرگی ڕەحمانی کور کە تێیدا هەزاران تەزویری بۆ پاکانەکردن بۆ تێرۆریستەکان و هاوکارە کوردەکانیان کردووە بخوێنەوە.**

---

[1] کتێبی خولانەوە لەناو بازنەدا ، نووسینی نەوشیروان مصطفی ١٩٩٩ چاپی برلین سلێمانیی روپەرەکانی ١١٢ -١١٣- ١١٤

**کتێبی خولانەوە لە ناو بازنەدا دەساڵ دوای تێرۆری د.قاسملوو و ٧ سال دوای تێرۆری د.شەرەفکەندیی نووسراوە و نهێنییەکانی ینک و تالەبانیی و ئیتتیلاعاتی سپای پاسدارانی دژبە حدکاو ڕێبەران و بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەلاتی کوردستان وبەڕێوە بردنی پلانی سەرانی دەزگای ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران دژ بە حدکاو کۆمەلە و کردنی تەنزیمی ینک بە تابوری پێنجی ڕژیمی خومەینیی ئاشکرا کردووە. بۆ خوێندنەوەی سەرجەمی کتێبی خولانەوە لە ناو بازنەدا نووسینی نەوشیروان مصطفی ئەمین کرتە بۆ ئێرە بکە و Ctrl دابگرە!**

## صحرارودی و بەڕێوەبردنی پلانی تێرۆری د.قاسملوو

**لێکۆلینەوە لە تێرۆری د.قاسملوو بەرهەمی کاری دادوەرانی لێکۆلینەوە و دەزگای پۆلیسی دادوەریی ئوتریش بووە. واقعییەت ئەوەیە کە دادوەرانی لێکۆلینەوەوە و پۆلیسی دادوەریی لەسەرەتای کارەکانیاندا بە جیددی و بە وردیی بەشوێن روداوی تێرۆرەکەوە بوون، بەلام دوای گوشاری سیاسیی کۆماری ئیسلامیی بۆسەر دەولەتی ئیئتیلافیی ئوتریش و هەرەشەکردنی سەرانی ڕژیم بە ئاشکراکردنی فرۆشیچەک لە لایەن کارگێڕانی دەولەتی ئوتریشەوە بە ئێران وهەرەشەی بە بارمتەگرتنی ئوتریشییەکان ... ئەو وردبینیی و جیدییەتە لەلێکۆلینەوەکاندا نەما و لە دووهەمین حەوتووی مانەوەی ( محمد جعفری صحرارودی لە نەخۆشخانەداکە تاوانبارکراوی سەرەکیی و بەرێوبەری پلانی تێرۆری د.قاسملوو عەبدوللا قادریی بوو،بە بریاری سیاسیی سەرانی دەولەتی ئوتریش و گوشارخستنە سەر دادوەرانی بەرپرسی لێکۆلینەوە لەروداوی تێرۆری د،قاسملوو و عەبدوللا قادریی ئازەر، صحرارودی بەرەو تاران ئیسکۆرت کراو لە فرۆکەخانە ی تاران لەلایەن کارگێرانی ڕژیم و سیاسەتکارێکی بە ناوو دەنگی کوردەوە بە تاجی گوڵەوە پێشوازیی لێکرا.** [2]

**تێبینیی: لە تێرۆری د.قاسملوو و عەبدوللاقادریی دا کەسێکی دیکەش بە ناو فازل رەسوڵ مەلا محمود بە ئەنقەست لەلایەن تێرۆریستەکانەوە گوللەباران کرا.**

**لێرە بەدوا کەڵک وەرگرتن لە زانیاریی ڕۆژنامەنووسان، حوکمی مەحکومکردنی سەرانی ڕژیمی کۆماری ئیسلامیی لە دادگای میکونوس، زانیاریی کەسانێک کە لە قۆناخی یەکی وتوویژ ئاگاداربوون، زانیاریی پسپۆران و وتوویژی ئەندامانی ینک، حدکابە تایبەتیی مەلا عەبدوللا حەسەنزادە کە بەپێی ئیقرارو ئیعتیرافی خۆی کە لەو هەزاران تەزویرەیدا بە پاکانە کردن وهاوکاریی لەگەل تێرۆریستەکان کردوویە و پارلمانتێرانی پارلمانی ئوتریش... بە وردیی باسیان دەکرێ.**

**لە قۆناخی یەکەمدا و لە خیتابی تالەبانیی دا بۆ بە ناو وتوێژەی یەکەم و مانەوەی یەک مانگەی تالەبانیی و هاوکارەکانی لە ڤییەن کە سەرجەم سێ رۆژ و لە رۆژەکانی ٢٨ دیسامبر و ٣٠ دیسەمبری ١٩٨٨ و ٢٠ ژانویەی ١٩٨٩ لەمالی لایەنگرێکی تالەبانیی بە ناوی خەبات معروف و دوورۆژەکەی دیکە لەمالی فازل و براکانی وتوێژ کرابوون ، جێگەورێگە و کەڵک وەرگرتن لە بنبێلابۆ بەڕێوەبردنی دەورێکی خائینانە کە پێشتر لە لایەن تالەبانییەوە بە د.قاسملوو ناسێندرابوو هاوکاریی بێ وێنەی تالەبانیی و ئەندامەکانی تەنزیمەکەی و بالوێزخانە ئێران لە ئوتریش و ئیعتیمادی د.قاسملوو بە تالەبانیی و بێخەبەریی د.قاسملو لە هاوکاریی مەلا عەبدوللاو ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران و دورخستنەوەی ئەندامانی حدکا لە ئاگادار بوون لەوپلانەی کە کورد و عەرەب و هاوکارەنزیکەکەی د.قاسملوو بە ناوی مەلا عەبدوللا حەسەنزادە بۆ لە ناوبردنی د.قاسملوو ڕێکیان خستبوو دەبوو ئەو تێرۆرە لە قۆناخی یەکەمی بە ناوتوێژەکە بەسەرکەوتوویی بەرێوە بچێ. بەلام بە هەر دەلیلێک بووە ئەو پلانە بۆ قۆناخی دووهەم واتە ٦مانگ دواتر راگیرابوو.**

**پلانی تێرۆری د.قاسملوو لە قۆناخی دووهەمی وتوێژ لە ١٣/٧/١٩٨٩ بە پێی پێشبینیی ڕێکخەرانی کوردو بەڕێوەبەرانی کۆماری ئیسلامیی بەوشێوەیەی کە پێش بینییان کرد بوو، کۆتایی پێنەهات.**

**گوللەیەکی وێڵەکیی صحرارودیی لەکاتی تێرۆری د.قاسملوودا رازی جینایەتەکەی ئاشکراکردو بەرنامەی گەڕانەوەی جینایەتکارانی بۆ ئێران پەک خست و زۆری نەخایاند کە رومای سەرانی ڕژیم و بە تایبەتیی علی اکبر هاشمی رفسنجانی و بەرێوەبەرانی پلانەکە و هاوکارەکوردەکانیان و دەورێک کە گێڕابوویان ئاشکرابوو.**

---

2 Nesrin Ghassemlou   wituweej legell nusser

بەڵگەنامەکانی جینایەتی ڤییەن ( پەروەندەی تێرۆری د.قاسملوو و بەڵگەنامەکانی دادوەران و پۆلیسی دادوەریی ئوتریش، پسپۆرو کارناسان ئاکامی لێکۆڵینەوەی تاقیگەکان کە مەلا عەبدولڵا حیاکیی( حەسەنزادە) و هاوکارەکانی بۆخزمەت بە رفسنجانی و باندە تێرۆریستییەکەی، فەرماندەرانی سپای پاسداران و ئیتتیلاعاتی سپا، بە تایبەریی باقر ذوالقدر، صحرارودی و و هاوکارەکوردەکانیان شاردبوویاننەوە واقعییەتی چەواشەکراوی تێرۆری د.قاسملوویان ئاشکرا کرد.

**یەکەمین لێکۆڵینەوە لە پاسدار " محمدجعفری صحرارودی " دوای برینداربوونی بە گوللەیەکی وێڵەکیی خۆی**

**کاتژمێر سێ تاچواری سەر لە بەیانیی ١٤/٧/١٩٨٩**

تێرۆری د.قاسملوو و عەبدولڵا قادریی بە پێی پلانی دارێژراوی ئۆدەی کارەتایبەتییەکانی رژیم بە سەر پەرشتیی باقری ذوالقدر واتە ئەو سەرپاسدارەی کە لە مانگی تشرینی ١٩٨٦ لە رێکەوتنێک دا لەگەڵ جەلال تالەبانیی و وەفدێکی ینک پێک هاتووە لە :

١– فەرەیدون عەبدولقادر نزیکترین هاوکاری ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران و بەرپرسی سیاسیی بەڕێوە بردنی عەمەلیاتی گرتنی شاری هەڵەبجە، لە پێکهێنەرانی دەرفەت و زەمینە بۆ خولقاندنی کارەساتەکانی ئەنفالەکان ، کارەساتی کوشتاری ٨٠٠٠ بارزانیی، کارەساتی هەڵەبجە و سەردەشت بۆ دوورژیمی بەعس و کۆماری ئیسلامیی ئێران[3] بروانە راپۆرتی تالەبانیی بۆ پلێنۆمی ٤ ی ینک و وتاری لە هاوخەباتیەوە بۆ تەخوین نووسینی نەوشیروان مصطفیٰ.! هەروا بروانە ئامۆژگارییو پارانەوەی تارق عەزیز و دەورێک کە بۆ وەرێخستنی کارەساتی شەرو هێنانی دوو ئەرتەشی زەبەلا حی ئێران و عێراق بە سەر کوردستان گێراویە. لاپەرەی ٧ خولانەوە لە ناو بازنەدا بخوێنە! ناوبراو عامیلی سەرەکیی و هاندەری تالەبانیی بۆ کشانی تالەبانیی بەرەو تواندنەوەی ینک لە ئیتتیلاعاتی سپایپاسداراندا و رکێش کردنی ئەرتەشی زەبەلاحی عیراق لە باشووری عێراقەوە بۆسەرکوردستان و دامەزراندنی بنکەی کۆکردنەوەی زانیاریی لە هەموو بەرەکانی شەر لە سەردەشت بۆ ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران کە کارەساتەکانی هەڵەبجە وسەردەشتی لێکەوتەوە[4].

٢– د.کەماڵ خۆشناو٣– دارا حەفید٤– رەفعەت عەبدوررەحمان و٥– شێرداڵ حەویزی ئەو کەسایەتییانەی سەرکردایەتیی بە سەرۆکایەتیی جەلال تالەبانیی نیەکێتیی نیشتمانییان کرد بە بەشێک لە ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران و محمد جعفری صحرارودی ( سەرپاسداری ئیتتیلاعاتیی سپای پاسداران) کرابە سەرۆکی دەفتەری سەرەکیی ئێران لە یاخسەمەر ( گوندی یاخسەمەر ناوەندی ینک و شوێنی ژیانی تالەبانیی لە چەند کیلۆمیتریی گەورەدێ ( ناوەند و شوێنی دەفتەری سیاسیی حدکا) بوو.

بە هاوکاریی هەژدە وەزارەتخانەو هەموو دامودەزگاکان و باڵوێزخانە ی رژیم لە ڤییەن و هاوکارە کورد وعەرەبەکانیان لە کاتژمێر نۆزدەو بیست خولەکی ئێوارەی ١٩٨٩/٧/١٣ لە هاوکارییەکی بێوێنەدا جینایەتی تێرۆری د.قاسملوو و عەبدولڵا قادریی بەڕێوە بردرا.

تیبینیی: لەو تێرۆرەدا کەسێکی دیکە بە ناوی فازل رەسوڵ، بە مەبەستی لە ناوبردنی زانیارییەکانی و کوێرکردنەوەی شوێن و جێ پەنجەی تێرۆریستەکان و فەرماندەرەکانیان کە لەو تێرۆرەدا ئەو کەسە عامیلی سەرەکیی و کارتیکەر بووە بە ئەقەست و بە پێی بریاری بڕپرسانی رژیم و هاوکارەکانیان لە لایەن صحرارودیی و هاوکارە تێرۆریستەکانیەوە کوژراوە.

هاندەرێکی سیاسیی بۆ لە ناوبردنی ئەوکەسە لە ئارادا نەبووە. کەرەسەیەکی بێ ئێرادەی تەوواوە لە ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران و تاکێکی ئاڵقە لە گوێی جەلال تاڵەبانیی و تێرۆریستەکان( صحرارودی و اجوادی ) بووە.

---

3 کتێبی خولانەوە لە ناو بازنەدا نووسینی نەوشیروان مصطفی چاپی ١ و ٢ برلین و سلێمانی

4 سەرچاوەی ژمارە ٣ لاپەرەکانی ٧ و٨ کتێبی کارەساتی کیمیابارانی هەڵەبجە بەهاری ١٩٨٨نووسینی شەوکەت حاجی مشیر ی ١٩٨٨کرتە بۆ ، ئێرەو ئێرە و ئێرە و ئێرە ئێرە بکە و داگرە!

بەسەرهاتی ئەوکەسانەی کە لەگەل دەزگایەکی سیخوریی هاوکاریی دەکەن یەکسانە . بەڵگەی سەلمێنەری جینایەت لە ناو دەبردرێ. پەڕۆی خاوێنکردنەوەیە و دوای کەڵک لێوەرگرتنی فڕێدەدرێ. [5]

گوترا کە، صحرارودی دوای بەڕێوەبردنی تێرۆرەکان بردرا بۆ نەخۆشخانەی کایزەر فرانتس ژۆزێف[6] بەشی قورگ– کەپۆ– و گوێ و لەمەر روداوی ۱۹۸۹/۷/۱۳ لینکەبان گاسێ و بریندارکردنی خۆی پرسیاری لێکرا.

لێکۆلەر نووسیویە:پرس و جۆکردنەکە ئەستەمە، چونکە ناوبراو شارەزای زمانی ئاڵمانیی نیٖیە و ئینگلیزیییەکەشی زۆر ناتەواوە. وێڕای ئەوەش لەو کاتەدا بە هۆی برینەکەیەوە گرفتێکی بۆ ئاخافتن هەیە بە زەحمەت زاری لێک هەڵپچڕیوە.

مانگێ دوای ئیسکۆرت کردنی محمد جعفری صحرارودی بە بریاری سیاسیی سیاسەتڤانانی ئوتریش بۆ ئێران پسپۆرانی چەک و لە شوێنی جینایەتەکە واقعییەتی کەوانە کردنی گوللەیەکی وێڵەکی صحرارودیییان ئاشکراکرد کە لە لەشی د.قاسملوو درابوو، وەدیواری پشت سەری کەوتبوو و گوللەکە لێرە بەدوا کەوانەی کردبوو لە دیواری راستی ئۆدەکە درابوو. لە کەوانەکردنەکەی دووهەمدا بەرەو تێرۆریستەکە گەڕابۆوە، وە باسکی چەپی کەوتبوو،کوناودیوی کردبوو، بەلاچەپی سینگیدا بەرەو لاملی و قورگی خووشیبوو، لەقورگیڕا بەرەو ناو زاری هەڵکشابوو و لەسەرزمانی گیرسابۆوە. ئەو تەڵەزمە قورقوشمەی ناوزاری ئەو تێرۆریستە مانگێک دوای ئیسکۆرتی تێرۆریستەکە بەرەو تاران لە ناوگڵی گوڵدانێکی ناوماڵی ژنە سیغەییەکەی فازل رەسوڵ لە لایەن خیبرە و کارناسەکانی دەزگای دەولەتی ئوتریش دۆزرا بۆوە کە صحرارودی تفی کردبۆوە. دوو شوێنی قرینجانی دوو لای دیوارەکانی ئۆدەی تێرۆرەکە خویا بووە و کارناسان وێنەیان لێهەڵگرتبوون.

### صحرارودیی و گێڕانەوەی رێکخستنی پلانی بە ناو وتووێژ بۆ بەڕێوەبردنی تێرۆری د.قاسملوو

صحرارودی لە پرسو جۆی سەرەتایی لێکۆلەرەوەکانی دەوڵەتی ئوتریش دا گوتوویە: بە تەلەفۆن لەگەل فازل رەسوڵ رێککەوتبوو کە لە ڤییەن چاویان بە یەکتر بکەوێ تا لەسەر مەسەلەی کورد بدوێن. بەوتەی ناوبراو رۆژی سێ شەممە لەگەڵ دوو هاورێی چووبوونە ڤییەن. هەرسێ‌وێکرا چووبوونە هۆتێلێک نزیک بە وێستبانهۆف[7] لە شەقامی ماریاهیلفر شتراسە کە ناوی هۆتێلەکە ی نەزانیبوو.

لە۱۹۸۹/۷/۱۳صحرارودی و دوو هاوکارەکەی و فازل رەسوڵ و دوو کەسی‌دیکە( دقاسملوو وعەبدوللا قادریی ) لە ئۆدەیەکدا لە بینای ژمارە ٥ شەقامی لینکەبانگاسێ[8]کۆببوونەوە.کاتژمێر ۳۰، ۱۷ تا ۱۹ یان ۱۹,۳۰ وتووێژیان لەسەر مەسەلەی کورد کردبوو. صحرارودی دەلێ: هەوڵ دراوە کە لەروی سیاسیی‌یەوە مەسەلەی کورد چارەسەربکرێ و شەر روونەدا. ئەوانە وتەی صحرارودی بوون.

صحراوری لەمەڕ روداوەکە دەڵێ:"کاتێک وتووێژ بەرەو کۆتایی دەچوو ، بریاردرا لە رۆژی ۱۹۸۹/۷/۱٤ کاتژمێر ۱۸ وتوێژەکە درێژەی پێ‌بدرێ، چونکە فازل رەسول لە "شوێنێک" میوان کرابوو. کوت و پڕ دەرگا کرایەوە و دوابەدوای ئەوە گوللە دابارین و بەو هۆیەی کە ئاماژەی پێکرا نە توانرا بە وردیی بزانرێ کە ئاخۆ دەرگاکە لەدەرەوە کرابۆوە یان لە لایەن فازلەوە دوای ئەوە لەدەرکەدرابوو، دەرگاکە کرابۆوە. "

لەهەرحاڵدا صحرارودی بەم شێوەیە باسی تێرۆرەکە دەکا : "دوو یان سێ کەس هاتنە ئۆدەکەوە و بە لەز تەقەیان کرد، بۆ چاوتروکاندنێک کەسەکانی دیتووە، چونکە ئەویش وەبەر هاتبوو. لەمەرخۆی گووتوویە : لەسەر کورسییەکە بەربۆوە و تخێلی ئەردەکە بووە و بە جۆرێک کە تەتەقەکەرەکان وایاندانابوو ئەویش کوژراوە."

---

5 https://drive.google.com/file/d/0Bydht7UU19z2bjJzYjk2Z29TWXc/view?usp=sharing

6 Kaiser Franz Josef Spital

7 Nähe des Westbahnhof es auf der Mariahilfer Strasse

8 Linke Bahngasse

لێکۆڵەرەوە دەنووسێ کە:" صحرارودی، ناتوانێ پێناسەیەکی تەقەکەرەکان بکا. ئەو تەنیا ئیشارە بەوە دەکا کە یەکێ لە تەقەکەرەکان کڵاوێکی بەسەرەوە بووە. "کاتێ کە هەموو شت تەواوبووە، هەستاوە و بە لارەلارەوە لە ئۆدەکە دەرکەوتووە و لەدەرگای ماڵێکی داوە وداوای ئاگادارکردنی پۆلیسی لێکردوون."

بەرپرسی لێکۆلینەوە نووسیویە: صحرارودی نەیتوانی هیچ زانیارییەک لەسەر هاوکارەکەی بە ناوی اجوادی رابگەیەنێ و لەمەر هاوکارەکەی دیکەی بە ناوی ئەمیر منصور بزرگیان اصل دەڵێ : *ئەو لە کاتی تەقەکردنەکە لە ماڵەکەدا بووە و دەرنەکەوتبوو." کاتێ کە صحرارودی لە ئۆدەکە دەرکەوتبوو بۆ ئەوە یارمەتی بکرێ ، پرسیاری لە بزرگیان کردبوو کە لە کوێ بووە . ئەو لەبیرێتی کە گوتوویە لە ئاودەست بووە."*

لێکۆلینەوەکانی پۆلیس و دادوەرانی لێکۆلینەوە لە یەکەم ساتەکانەوە لەگەڵ گێڕانەوەی صحرارودی و بزرگیان ناتەبا بوون. ئەو دوو کەسە پێشبینیی ئەوەیان نەکردبوو کە گوللەیەکی وێڵەکیی هەموو پلانەکەیان ئاشکرا دەکا.

پلانداڕێژەکانی رژیم و هاوکارە کوردەکانیان لە تاران، بە هۆی پسانی پێوەندییەکانیان بە تێرۆریستەکانەوە ناچار بوون زانیاریی ساختە کە لە گەڵ واقعییەتەکان رێک نەبوون بڵاو بکەنەوە. ئێمە لە رەوتی لێکۆلینەوەکاندا ئەو ناتەباییانە و ساختەکارییەکانیان بە پێێ بەڵگەنامەکان باس دەکەین.

١٨٨٩ /٧/١٤

امیر منصور بزرگیان اصل نەفەری سێهەم لە تێرۆریستەکان، بادیگاردی صحرارودی بووە. سەرنجراکێشە کە بادیگاردی تێرۆریستێک پاسپۆرتی سیاسیی دەولەتێکی بدرێتێ. ئەو "دیپلۆماتە "لە لێکۆلینەوەکانی پۆلیس دا باسی لە هاوکارێکی خۆی بەناوی حاجی مصطفی[اجوادی] کردووە کە لە ئۆدەی روداوەکەدا بووە. پۆلیسی دادوەریی بۆ شارەزابوون لە ناوی راستەقینەی ئەو هاوکارەی بزرگیان و صحرارودیی چووەتە ئەو هۆتێلەی کە ئەوسێ کەسە لەهاتنیاندا بۆ ڤییەن، لێیمابوونەوە. سەرنجراکێشتر لە هەموو ئەوانە ئەوەیە کە جەلال تالەبانیی لە وتوێژی قۆناخی یەکەم لە ٢٨ دیسامبری ١٩٨٨ تا ٢٠/١/١٩٨٩ ئەو تێرۆریستانەی بە ناوی نوێنەری نیزام، نوێنەری سەرۆکی پارلمان و نوێنەری سەرۆک کۆماری ئێران، علی اکبر هاشمی رفسنجانی، بە د.قاسملوو ناساندبوو.

د.قاسملوو چۆن دەیتوانی لەو نهێنیی کارییە ئاگادار بێ؟! چۆن دیتوانی بزانێ کە لە مانگی تشرینی یەکەمی ١٩٨٦ەوە ئەو جاسوس –تێرۆریستە ی ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران نیشتەجێی یاخسەمەر واتە لە ناوندی ینک و شوێنی ژیانی تالەبانیی لە چەند کیلۆمیتریی دەفتەری سیاسیی حدکا لە گەورەدێ تۆری جاسوسیی رایەل کردووە و مەلاعەبدوللا حەسەنزادە بە نهێنیی لەگەل ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران وزانیاریی ینک لە پێوەندییدابووە؟

پێشتر ئیقرار و ئیعتیرافەکانی مەلا عەبدوللا حەسەنزادە لە هەزاران تەزویریدا بۆ پاکانەکردن بۆ تێرۆریستەکان، تالەبانیی، بنبێلا، فازل رەسوڵ، زانیاریی ینک، صحرارودی، ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران و وەزارەتی ئیییلاعات بڵاو کرایەوە. بە فریوبردنی رەوانشاد فتاح کاویان و خەیانەت بە ئەمانەتێک کە لە پێداچوونەوە بە وەرگێڕدراوی کتێبەکەیدا پێی کردبوو، تێرۆری سەدان ئەندامی حدکا بە رێنوێنی خۆی و هاوکارە سیخورەکانی ناو تەنزیمە تەزویرییەکەی بە ناوی "حدک" کە بە ئبیئکارو رێنوێنیی تالەبانیی و محمود احمدی نژاد وەڕێخرا و ژمارەیەکی زۆر لە ئۆگرانی ئازادیی بەفێڵ و فەرتەنەی " زیندوکردنەوەی ئامانجەکانی حدک لەسەردەمی کۆماری کوردستان" پێ بە فریو بردن و بێ ئابروکردنیان بە جۆرێک کە ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران و قاسم سولەیمانیی حیسابی جەیشی شەعبیی بۆ نەکردن و رێگەی نەدا فروفیشاڵی خەبات بۆ ئازادیی و پاراستنی بەرژەوەندیی کوردستان بۆ بە فریوبردنی خەلکی کورد جارێکی دیکە لە قاوبدەن.

لە فۆرمی پڕکراوەی میوانەکانی هۆتێلی شتیگل بروی[9] لە شاری ڤییەن .١٥، ماریا هیلفرشتراسە ١٥٦، ناوی حاجی مصطفی اجوادی لەدایکبووی ساڵی ١٩٥٧لە تاران، ژمارەی پاسپۆرتی دیپلۆماتیک (سیاسیی)

---

9Stigelbräu

005934 و امیرمنصور بزرگیان اصل و بریندارەکە بە ناوی محمد جعفری صحرارودی ناویان نووسرابوو کە وێکرا لە و ئەوهۆتێلە مابوونەوە. اجوادی دوای تێرۆرەکە بەرەو ئێران رایکردبوو.

لە ۱۷/۷/۱۹۸۹ لەلایەن بەرپرسێکی دادوەریی بە ناوی دوکتور نێوۆرال[10] ناوی تێرۆریستی سێهەم کە بریاری دەستبەسەرکردنی دراوە بەم جۆرە راگەیەندراوە: حاجی الیاس اجوادی الیاس حاجوده ممصطفی، لە دایکبووی لە ۱۹۵۷تاران لە لایەن دادگای ناوچەیی‌یەوە دەستوری دەستبەسەرکردنی درابوو.

کاتژمێر ۹.۱۵ بەرپرسێکی لێکۆلینەوە ناردرا بۆ فرۆکەخانە و ئەو ناوەی بە بەرپرسانی ئەو شوێنە راگەیاندبوو کە پێش بە سەفەرەکەی بەراکردنی لە ئوتریش بگیرێ.

**ئاگادار کردنی د.لۆشناک وەزیری ناوخۆیی دەوڵەتی ئوتریش لە تێرۆری مە نتیقەی ۳ ی ڤییەن**

۱۹۸۹/۷/ ۱۳ کاتژمێر٤٥. ۱۹ لەلایەن کارگێڕانی پۆلیسەوە، وەزیری ناوخۆیی ئوتریش بە ناوی د. لۆشناک لە گوللەبارانکردنی ۳ بە ناو "ئێرانیی" لە ڤییەن ئاگادار کرا.

۱۳ /۷/۱۹۸۹

**بریندار‌بوونی صحرارودی و شوێنی پەڵە خوێنەکانی ..**

لە پێوەندیی بە لێکۆلینەوە لە روداوی تێرۆری شەقامی لینکەبانگاسێ ۵/۱۲ تێمێک لە بەرپرسانی خیبرەی EKF بۆ وێنەگرتن لە ژمارەیەک پەڵەخوێن بە پیادەڕێی روبەروی ماڵی ژمارە ۵ لینکەبانگاسێ و هۆتێل گۆڵدێنێ شپینێ و پلیکانەکانی ماڵەکەی لینکە بانگاسێ ژمارەی ۵ دەست نیشان کران و بە رەو شوێنەکە ناردران و بەم جۆرە ئاکامی لێکۆلینەوەکانیان راگەیاند:

پەڵەخوێنی ژمارە ۱ بە دیواری روبەروی ماڵی لینکە بانگاسێ و روو بەرووی هۆتێل " گۆڵدێنن شپینێ بە پلیکانەکانی‌یەوە. ئەو پەڵەخوێنە لە لایەن پزیشکی دادوەریی‌یەوە تەئیید کرا. پەلە خوێنەکە ۳ سانتیمێتر درێژ و٥ میلیمیتر پان بووە. ئەو پەڵە خوێنە لەورووەوە کە صحرارودی لەوشوێنەوە بووە و بە ئامبولاس بۆ نەخۆشخانە راگوێزرا بوو دەبێ هی ئەو بریندارە بووبێ.

پەڵەخوینی ژمارە ۲ ی پلیکانەکانی ماڵەکە بە درێژایی ۷۰ سانتیمێتر لە چوونە ژوورەوەی بینای ژمارە ٥ واتە ئەوشوێنەی کە جینایەتەکەی لێکرابوو. نزیک بە پێنج سانتیمێتر پان ودرێژاییەکەی پێنج میلیمێترە. ئەو پەڵە خوێنەش لە لایەن پزیشکیی قانوونیی‌یەوە تەئیید کرا.

پەڵەخوێنی ژمارە ۳ نزیکترین شوێن بە شوێنی چوونەژوورەوەی دەرگاکە دەکەوێتە ئەو ئۆدەیەی جینایەتەکانی لێکرابوو کە ئەندازەکەی ١X ١ بووە. ئەو شوێنەوارەش لەلایەن پزیشکی قانوونیی‌یەوە تەئیید کرا.

٤) شوێنی پەڵەخوێنی ژمارە ٤ بەسەر تینهێنەر وسەر ئەردی پلیکانەکانی بیناکە لە نێوان قاتی ۳ و میچەکە دۆزرایەوە و ئەوەش لە لایەن پزیشکی قانوونیی‌یەوە تەئیید کرا.

.٥) پەڵە خوێنی ژمارە پێنج هەروەها لەدەسپێکی پلیکانەکان بەرەو میچەکە کە ئەندازەی باقلەیەکە دۆزرایەوە و پزیشکی قانونیی تەئییدی کرد.

.٦) پەڵە خوێنی ژمارە شەش بەسەر تینهێنەری تەختی ئەردەکە لە ئاخری پلیکانەکان بەرەو دەرگای دەرەوە بەدی کراو و ئەندازەکەشی بە رادەی باقلەیەک بوو و پزیشکی قانوونیی ئەو بابەتەی تەئیید کرد.

۱۹۸۹/۷/١٤

**راپۆرتی بەشی دە وزانیاریی زیاتر لەسەر دۆزرانەوەی چەک و شتی دیکە**

10 Nevoral

**پێشتر باس لە دۆزرانەوەی چەکەکان کرا لێرەدا بە وردیی و جیا لە باسی چەکەکان و نەوعەکانیان شتی دیکەش لەپێوەندیی بە تاوانگەلێک کە کراون باس کراوە. ئەو شتانەی کە دۆزراونەوە و بە تەئییدی سەرپەرشتی سەرکێشک گەیشتبوو بریتیی بوون :**

**١ ) دەمانچەی ، مارکی" BERETTA " کالیبر ٧،٦٥ میلیمێتریی ژمارەی ریزبەندیی توناکردوو( کڕاندوو)، بە دەنگبڕ و خەشابێکەوە.**

**٢) دەمانچەیەکی مارکی LLAMA کالیبر ٧،٦٥ژمارەی ریزبەندییەکەی توناکراو( کڕاندوو)، خەشابی لەسەر نەبووە، بەڵام دەنگبڕی بەسەرەوە بووە.**

**٣) دووخەشابی دەمانچە هەر دوو کالیبر ٧،٦٥یەکیان پێنج فیشەکی تێدا بووە و ئەوی دیکە پڕ بووە.**

**٤ )خەشابێکێ MP کالیبری ٩ میلیمێتریی پێشتر وێنەکەی نیشاندرابوو بە خەشابێکی پڕەوە ،**

**٥)) دەنگبڕێک ( صداخفه کن) درێژاییەکەی ٣٠ سانتیمێتربووە. دەلوێ هی MP .6 بووبێ.**

**٦) زەنگی وەخەبەر هێنان بە سیمەوە .**

**٧) بلوزێکی شین کە پەڵە خوێنی پێوە بووە.**

**٨)کڵاوێکی رەشی بێیس‌باڵ،**

**٩) بەڵگەی کرینی مۆتۆرسیکلێتی مارکی ”SUZUKI"**

**١٩٨٩ /٧/١٤**

**دۆزرانەوەی مۆتۆرسیکلێتێکی W.11 .675 ، دەلوێ پێوەندیی بە رووداوی سێ" <u>شاروەندی ئێرانیی</u>" یەوە هەبووبێ کە تێرۆرەکانیان کردبوون....**

**تێبینیی :لە راگەیاندنەکاندا لەسەر تێرۆری دقاسملوو کە لە تارانەوە بە هاوکاریی جەلال تالەبانیی بڵا و دەکرانەوە، باس لە دوو لایەنی کورد و ئێرانیی کرابوو. ئەوەش بە ئەنقەست و بۆ چەواشەکردنی واقعییەت بووە.**

**فازل رەسوڵ مەلا مەحمود شاروەندێکی رەچەڵەک کوردی عێراقیی وخەڵکی شاری سلێمانیی بووە. ناوبراو لە تەمەنی پازدەساڵییەوە لە بەغداو دیمشق و لوبنان و تاران و ڤییەن لەگەل تالەبانیی و تەنزیمەکەی بووە. تەنانەت بۆ دووجار سەفەری تالەبانیی بۆچین و ناساندنی بە چینییەکان هاورێێ تالەبانیی بووە. ناوبراو دواتر بە پێێ بەڵگەنامەکانی دادوەرانی لێکۆلینەوەە زیاتر دەناسێندرێ.**

**دابەش کردنی بەشدارانی پلانی وتوویژی د.قاسملوو تێرۆریستەکان بە ناوبژیوانیی فازل رەسوڵ بە کوردو ئێرانیی، بۆ چەواشە کردنی واقعییەتی تێرۆری د.قاسملوو عەبدوللا قادریی ئازەر و پاکانەکردن بۆ تێرۆریستەکان بووە. ئەو دابەش کردنە ش ئیبتیکاری بەرپرسی یەکێتیی نیشتمانیی بووە کە لە یەم راگەیاندنی خەبەری تێرۆری د.قاسملوو لە تاران و لەلایەن رادیۆتارانەوە باسی ئەو تێرۆرەی کردو بێ ئەوە لێکۆلینەوەیەکی لەسەرکرابێ دەوڵەتی عێراقی بەو تێرۆرە تاوانبار کرد و پێناسەی کوردو ئێرانیی بۆ بەشدارانی وتوێژەکە کە خۆی پێکی هێنابوو خستە سەر زاری کارگێڕانی لێکۆلینەوە. لەحاڵێک دا واقعییەت شتێکی دیکە بووە. مەسەلەکە بەو جۆرە نەبووە کە ئەو پێناسەی کردبوو. فازل رەسوڵ رەچەڵەک کورد بووە بەلام هیچ پێوەندییەکی بە مەسەلەی کورد و حدکاوە نەبووە. ئەو ئەندامی کاراو بەرپرسی دەفتەری ینک لە ئوتریش بووە. یەکێتیی نیشتمانیش بە پێێ رێکەوتنەکەی لەگەڵ ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران لە ١٩٨٦ کرا بوو بە بەشێک لە ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران. نەوشیروان مصطفی لە کتێبەکەیدا بە ناوی خولانەوە لە ناو بازنەدا بە وردی ئەو**

**ڕێکــەوتنـــەی بـــاس کـــردووە. بڕوانـــە لاپـــەڕەکانی ١١٢–١١٣ و ١١٤ی کتێبـــی خولانـــەوە لـــە نـــاو بازنـــەدا. لـــە بەشێکی دیکەدا ناوبراو زیاتر دەناسێندرێ.**

**ڤییەن ١٩٨٩/٧/١٤**

کاتژمێر یەکی سەر لە بەیانیی١٩٨٩/٧/١٤

**تیمێـک لـــە بەرپرســـانی بەشـــی لێکۆڵینـــەوە لـــە ڕوداوی تێـــرۆری ســـکرتێری حـــدکا، د.قاســـملوو و هاوڕێکـــەی بـــە نـــاوی عەبـــدوڵلا قـــادریی ئـــازەر، لـــە کـــاتژمێر یـــەکی بـــەیانیی ڕۆژی ١٩٨٩/٧/١٤ بۆلێکۆڵینـــەوە لـــەو ڕوداوە بـــەرەو مـــاڵی فـــازل ڕەسوڵ کە بە گومانلێکراو و بە ئەنجامدەری تێرۆرەکە پێناسەکرابوو، بەرەو ماڵی ناوبراو بچن.**

**کارگێڕەکـــان لەبـــەردەرگای ماڵەکـــە بـــەو ئاکامـــە گەیشـــتن کـــە کەســـێک لـــە ماڵەکـــەدا نییـــە. چەنـــد خولـــەک دواتـــر لـــە کـــاتژمێر ٢٥ . ٢٢ هاوژینەکـــەی فـــازل ڕەســـوڵ بـــەناوی دوکتـــورە س.لەگـــەڵ لوبنانییـــەک بـــە نـــاوی نـــەجیب ســـلێمان کەوســـەرانیی, خـــاوەنی پاســـپۆرتی ژمـــارە 368540کـــە بـــۆ چەنـــدین جـــار چـــوون بـــۆ ئـــوتریش ویـــزای درابوویـــە بـــەرەو مـــاڵ هاتنـــەوە. لـــە لایـــەن پۆلیســـەکانەوە ســـەبارەت بـــە فـــازل پـــرس و جۆلـــە ژنەکـــەی کـــرا. ئـــەو ژنـــە لـــەو پرســـیارانە ڕاچڵـــەکی و سەرســـوڕمانی خـــۆی نیشـــاندا و گـــوتی : مێردەکـــەی لـــەماڵ نـــەبووە و <u>ئاشـــکرای کـــرد کـــە فـــازل ڕەســـوڵی مێـــردی لـــە کۆبوونەوەیـــەکی نهێنیـــی لەگـــەڵ" تیمێکـــی دیپلۆمـــاتی ئێرانیـــی" بـــووە. هـــەروا لێیزیـــاد کردبـــوو کـــە قەراربووە لە کاتژمێر ٢١,٠٠ لە ماڵێ بێ.</u>**

**لە کاتی ئەو وتوێژەدا تەلەفۆنێکی زۆر بۆ ماڵی فازل و ژنەکەی کران:**

**یـــەک لەوکەســـانەی کـــە تەلـــەفۆنی کـــرد، ڕۆژنامە نووســـێک بـــە نـــاوی کـــورت لانـــگ بـــاین بـــووە. نـــاوبراو لـــە کاتژمێر ٤٥ .٢٢ زەنگی لێدا. لەوبەینەدا پەیتا پەیتا لەلایەن ئاشناو خزمەکانی فازلەوە تەلەفۆن کرابوو.**

**لـــە کـــاتژمێر ٤٩ و ٢٣ خولـــەک ســـەرۆک کۆمـــاری پێشـــتری ئێـــران <u>ابوالحســـن بنیصـــدر لـــە پاریســـەوە تەلـــەفۆنی کرد</u> و ڕایگەیاند کە : یەکێ لە کوژراوەکان ڕێبەری کوردەکان " قاسملوو" بووە.**

**چـــۆن بووە،بنیصـــدر بـــەر لـــە ژنەکـــەی فـــازل ڕەســـوڵ لـــە تێـــرۆری د.قاســـملوو ئاگـــادار ببـــوو، لـــەرەوتی ڕوداوەکانـــدا ئاگادار دەبین.**

**لەلایـــەن کـــارگێڕانی پۆلیســـەوە لـــە ژنەکـــەی فـــازل ڕەســـول ، ســـەبارەت بـــەوە کـــە مێردەکـــەی یـــان خـــۆی چـــەکیان هـــەبـــووە، وەلامـــی دایـــەوە کـــە خـــۆی دوو دەمانچـــەی جـــەوازداری هەیـــە وژمـــارەی جوازەکەشـــی 075049 یـــە کـــە لـــە ٩.٩.١٩٧٤لـــە پۆلیســـی فێـــدراڵی وەرگرتـــووە. دوای پشـــکنینی شـــوێنی جـــل و بـــەرگ ژنەکـــەی فـــازل بـــۆ احتیـــات گوللەکانی بە جیا هەڵگتتوون. ١١ گوللەی ٩ میلیمیتریی کورت لەبەر دەست بوون.**

**دواتر وێنەی بەڵگەنامەکەی نیشاندەدرێ.**

**لـــە لایـــەن بەرپرســـەکانی پۆلیســـەوە لـــە ژنەکـــەی فـــازل ڕەســـوڵ پرســـیارکرا کـــە لەگـــەڵ میوانەکـــەی بـــۆ پـــرس و جـــۆ و نووسینی پرۆتۆکۆڵ لەگەڵیان بچێتە دایرەی پۆلیس لە مەنتیقەی ٩**

**لـــەو بەینـــەدا لـــە ناوەنـــدی پۆلیســـەوە بەرپرســـانی لێکۆڵینـــە وە ئاگـــادار کـــران کـــە فـــازل خـــۆی یـــەکی لەکوژراوەکانـــە و ئـــاخۆ دەیهـــەوێ جەســـتەی مێـــردە کوژراوەکـــەی ببینـــێ؟ نـــاوبراو کاردانەوەیـــەکی تونـــدی نیشـــاندابوو ویســـتبووی بـــێ ڕاوەســـتان، کومیســـاریات (ناوەنـــدی پـــۆلیس– کەلانتـــەریی) جێبێڵـــێ. ماوەیـــەک ڕامـــا بـــوو. دوای ئـــەوە کـــە ئـــەهوەن ببۆوە، گوتبووی : "بۆ ئەو تێرۆرە تەنیا عێراق دەتوانێ بەرپرس بێ."**

**ژنەکـــەی فـــازل ڕایگەیانـــد : نزیـــک بـــە حەوتوویەکـــە لـــە لایـــەن ئێرانییکانـــەوە داوا لـــە فـــازل کـــراوە لـــە نێـــوان دیپلۆماتـــە ئێرانییـــەکان و کوردەئێرانییـــەکان ( قاســـملوو) ببێتـــە نـــاوبژیوان. ئـــەو وتـــوێژە دەبـــوو لـــە ١٩٨٩/ ٧/ ١٣ بکـــرێ. <u>ژنەکەی فازل ڕەسوڵ ڕایگەیاندبووکە بە شوێنی وتوێژەکەی نەزانیبوو.</u>**

**فازل ڕەسوڵ لە ١٦،٤٥لە ماڵ وەدەرکەوتبوو و لە نێوان ١٨و... تەلەفۆنی بۆ ژنەکەی کردبوو.**

**کارگێڕانی پۆلیس بە هۆی حالی خراپی بێوە ژنەکەی فازل لە پرسیارو نووسینی ولامەکانی، خۆیان پاراستبوو. بێوە ژنەکەی فازل لەوکاتەدا ئەو پرسیارەی کرد کە ئاخۆ دەتوانێ تەرمی مێردەکەی ببینێ؟ بۆ ئەوویستەی هاوریی‌لەگەڵ کراو براو بۆئەنستیتۆی پزیشکی قانوونیی. لەوێ تەرمی مێردەکەی بینی. بێوەژنەکەی رەسوڵ نەیویست هیچ یارمەتییەکی کارگێڕەکان قبوڵ بکا، بە تایبەتیی دەیویست نە چێتەوە ماڵەکەی خۆی. لەو رووەوە لەگەڵ میوانەکەی رێگەی پێدرا برۆن.**

**چەواشە کردنی واقعییەت و دانی زانیاریی هەڵە لە سەر تێرۆریستەکان و هاوکارە کوردەکانیان**

**لە رۆژی ۱۹۸۹ /۱۳/۷ لە کاتژمێر ٤٥٩. ۱۹کێشکی رۆژانەی روداوەکان ئەو زانیارییە هەڵەیەی کردووە بە سەردێریک و د.قاسملوو و عەبدوللا قادریی ئازەر و فازل رەسوڵی بە " دیپلۆماتی کوژراوی ئێرانیی"ناوبردبوون.لە حالێکدا هیچکام لەو سێ کەسە دیپلۆماتی ئێرانیی نەبوون.**

**د.قاسملوو سکرتێری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و عەبدوللا قادریی ئازەر ئەندامی بەرێوەبەریی حدکا بوون. لە حالێکدا فازل رەسوڵ نە دیپلۆمات بووە و نە ئێرانیی. پێناسەی ناوبراو لە جێی خۆیدا بە پێی بەڵگەنامەکان باس دەکرێ..**

**لێکۆلینەوەی پسپۆرەکانی پۆلیس و پۆلیسی دادوەریی لە روداوی ۱۳/۷/۱۹۸۹**

**زانیارییکانی یوهان کوکاچکا [11] و هاژینەکەی خاوەن ماڵی ئاپارتمانی ژمارە ۱۳**

**ئاگادار، یوهان کوکاچکا کارگێری دەوڵەت لە شاری ڤییەن لە دایکبووی ساڵی ۱۹٥۲ و ژنەکەی بە ناوی ئێوا، لە دایکبووی ساڵی ۱۹٥۳ ئەویش کارگێری دەولەت لە ڤییەن. ئەو دوو کەسە زانیارییەکانی خۆیان لەسەر محمد جعفری صحرارودی، یەک لە تێرۆریستەکانی رژیمی کۆماری ئیسلامیی کە چەند خولەک دوای تێرۆری دقاسملوو عەبدوللا قادریی ئازەر لە زەنگی دەرگاکەی دابوون بەم شێوەیە باس کردبوو:**

**کاتژمێر لە نیوان نۆزدە و پازدە خولەک تا نۆزدەو بیست خولەک بووە، یەکێک لە دەرگای ماڵی ژمارە ۱۳ی بینای ژمارە پێنجی قاتی ۳ داوە. کاتێک کە ئێوا خانمی هاوژینی یوهان کوکاچکا دەرگاکەی کردبۆوە، دەبینی کەسێکی خوساو لە خوێندا لەبەردەرگاکە راوە ستاوە وتەنیا ئەو سێ وشەیەی لێ بیستووە کە گوتبووی: " help – police – bleese '' "یارمەتی. پۆلیس. تکایە" میردی ئەو خانمە بۆ ژمارە ۱۳۳ تەلەفۆنی کردبووو پۆلیسی لەو دیمەنە و وتەکانی ئەو برینداره ئاگادار کردبوو. ئەو ژن و پیاوە بۆ ئەوە لە هاتنی پۆلیس خاترجەم بن لەپەنجەرەی ماڵەکەیانەوە دەروانننە سەر شەقامەکە. دەبینن ئەو کەسەی کە پێشتر لە دەرگای ماڵەکەی دابوون و لە بیناکە وەدەرکەوتبوو لارەوە لارەوە بەرەو ئونگار بروکە [12] چووبوو. لە نزیک ئونگار بروکە ئەو کابرایە بەچۆکداهاتبوو. ئاو خاوەن ماڵە لە کۆتاییدا گوتبووی : لەوکاتەوە کە ئەو پیاوە خوێناوییە لە دەرگاکەی ئێمەدا دەرگای ئەو ماڵەی کە لێی وەدەر کەوتبوو ئاواڵە بووە.**

**دیمەنی گۆڕدراوی شوێنی تێرۆرەکەی د.قاسملوو**

**۱۳/۷/۱۹۸۹**

**زانیاریی د. ف، ئەندامی حدکا لەمەر دیداری شوینی تێرۆروی د.قاسملوو و عەبدوللا قادریی ئازەر**

**ئەندامێکی حدکا و گێرانەوەی بیرەوەریی خۆی و دیتنی شانۆی تێرۆری د.قاسملوو و عەبدوللاقادریی بۆ پۆلیسی دادوەریی**

**بۆگێرانەوەی ئەو باسە دوو دەمژمێرکات پێویست بووە. لە کاتژمێر ۲۳ وە دەستی پێکردبوو و تا یەکی بەیانی ۱٤/۷/۱۹۸۹ خایاندبوو.**

11 Johann Kukaczkaw

12 Ungarbrücke

د.ف . ح. ئەندامی حدکا، لە دۆستان ونزیکانی د.قاسملوو بووە. ئەو کەسایەتییە یەکەم کەس بووە کە چووەتە شوێنی تێرۆری د.قاسملوو و چاوی بەدیمەنی لەخوێندا شەلاڵی د.قاسملوو وعەبدوللا قادریی ئازەر وفازل رەسوڵ کەوتبوو.

سێ سەعات و چل خولەک دوای تێرۆری د.قاسملوو ئەو زانیارییەی د.ف. ح لە لایەن دوو پسپۆری لێکۆلینەوە کرابوو بە پرۆتۆکۆڵ. دەقی وتەکان بە زمانی ئالمانیی نووسراوە و بەشێکی دەبێ لێکۆلینەوەیەکی لەسەربکرێ.

هەرچەند زانیاریی ئەو هاورێیەی د.قاسملوو بۆ مێژوو گرنگە و دەبوو بکرێ بە کوردیی و بخرێتە بەرچاوی خوێنەری کورد، بەڵام ئێمە جیالە بەشێکی کەمی وەکو گوترا کە دەبێ لێ‌بکۆڵدرێتەوە، باقییەکەی بۆ نووسەرەکەی بە جێ‌دێلین کە هەرکاتێ ئیرادە بکا بە ناوی خۆی یان ناوێکی خوازراوە بڵاو دەکرێتەوە.

Ich wurde von einem Beamten des Innenministeriums, von dem mir der Name entfallen ist, mir ist nur bekannt, daß es sich dabei um einen Doktor handelt, aufgefordert mit in die Wohnung zu gehen, um festzustellen, ob es sich bei dem Toten um die Personen handelt, die von uns erwartet wurden.

In der Wohnung, im vermutlichen Wohnzimmer, sah ich den Generalsekretär der DPK

ABDULL RAHMAN GHASEMLOU

auf einen Sessel sitzend. Der Generalsekretär hatte ein weißes Hemd an, welches nur mehr an einem Arm als solches erkennbar war.

من لە لایەن یەکێ لە کارگێرانی وەزارەتی نێوخۆییەوە کە ناوەکەی نازانم و بەڵام دەیناسم کە لەوێ وەکو پزیشک کاری دەکرد پێشنیارم پێکرا بچینە ئەو ئۆدەیە بۆ ئەوە بۆمان مەعلوم بێ ئاخۆ ئەو کەسەی کە ئێمە چاوەروانی دەکەین لە ناو ئەو کوژراوانە دا نییە؟

*لەئودەکە دا کە پێموایە ژوری دانیشتن بێ ، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان عەبدورەحمان قاسملووم بە دانیشتنەوە لەسەرکورسییەک بینی. سکرتێری گشتیی کراسێکی سپی دەبەردابوو کە تەنیا قۆلێکی ئەوکراسە دیاربوو. باقییەکەی و روخساری شەلاڵی خوێن بوو.بە بێ ناوبڕ لە تەنیشت سکرتێر دوو تەرمی کەسانی دیکەی لێبوون کە یەکیان عەبدوللا قادریی ئەندامی حدکایە و نەفەری سێهەم بۆ من نەناسراوە.*

Der Rest sowie das Gesicht war blutverschmiert. Unmittelbar neben den Generalsekretär lagen am Boden in Seitenlage, zwei weitere Personen, bei welchen es sich bei der einen Person um das ZK-Mitglied der DPK,

ABDULLA GHADERI

handelt. Die dritte Person war mir nicht bekannt.

ئەو بەشەی کە پێوەندیی بە دانیشتنی د.قاسملوو لەسەر کورسی‌بووە و کوژراوە لەگەل ئەو وێنەیەی کە لە روپەڕی خوارەوەدا بڵاو کراوەتەوە یەک ناگرنەوە. بروانە وێنەکەی د.قاسملوو !

لەو وێنەیەی روپەری خوارەوەدا نابیندرێ کە د.قاسملوو بە کوژراویی لەسەرکورسیی دانیشتنەکە بووبێ. پسپۆرەکانی لێکۆلینەوەش باسی وێنەی د.قاسملوویان بەکوژراویی لەسەر کورسسیی دانیشتنەکە نە کردبوو.

ئەو بەشەی وتەکانی ئەو ئەندامەی حدکای نزیک بە د. قاسملوو جێێ رامان و لێکۆلینەوەیە.

 

**درێژەی دەبێ**

**نووسەر بەرپرسی دێر بەدێری نووسراوەکەیەتی.**